# کۆمیدیای هەڵەبجە و خەزرەجی

ئیبراهیم عەزیز

هەڵەبجە. . . ئەو هەوارگەیەیە کە لە ڕۆژێکی مانگی ئازاری ١٩٨٨ دا و بە کەرەستە و بە بەرچاوی گشت جیهانی بانگەشەدەری مافی مرۆڤ و دیموکراسییەوە ئازارێکی بێوێنە و خەزانی جگەرگۆشەکانی بە هەڵمژینی گازی کیمیاوی بە چاوی خۆی بینی. . . .

خەزرەجیش، نزار خەزرەجی، ئەو پەڕاگەندە سیاسییەی چەند ساڵانی ڕابردووی وڵاتی دانیمارك و کۆنە سوپاسالار و ڕابەری ئەو هێرشەیە کە بە هۆی پیادەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە هەڵەبجەی لە شارێکی ئاساییەوە گۆڕی بۆ شارێکی قوربانی. . . .

وەك وەفا و ئەمەکیش بۆ ئەو شارە و قوربانییەکانی و وەك نواندنی هەڵوێستێکی مرۆڤانە و هەست بە بەرپرسیارییش، ساڵانێکە کەسانێکی زۆر و کەسوکاری قوربانییەکانیش کەوتوونەتە شوێن ئەو مەسەلەیە و خوازیاری بە دادگایی گەیاندنی خەزرەجی بوون تاوەکو لەپای تاوانەکانیدا بە سزای خۆی بگات. . .

بەڵام ئەگەر هەڵەبجە تەنیا (!) چەند هەزارێك قوربانی و چەند سەد کەسێك داکۆکیکاری هەیە، ئەوا خەزرەجی بە گەواهی لایەنێکی دیموکراس و لایەنێکی تری سۆسیال دیموکرات و لایەنێکی تری ئیسلامی ئسوڵی توندڕەو و لایەنی خۆئاشکرانەکردووی تر کەسێکی نیشتمانپەروەر و بەهەڵوێست و خاوەن پەروەندەی سیاسی ژێرزەمینی و سەرزەمینی بووە. . . سەرزەمینییەکان لە هەڵەبجە و دەستەڕاستبوونی سەدامدا خۆیان دەنوێنن و ژێر زەمینییەکانیش هێشتا لای ڕابەر و سەرۆك و خەلیفەی ئەو لایەنانە شاراوە و نهێنین. . . . .

بەڵام شەڕی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی نێوان ئەمریکا و ئێراق تای تەرازووی خەزرەجی سەنگێتر و تای تەرازووی هەڵەبجە و قوربانییەکانی و داکۆکیکارانی سوکتر کرد و شێوەی هاوکێشەکان و سەمتی ڕووداوەکانی بە چەشنێك گۆڕی کە کەم کەس هەبوون پێشبینیان کردبێت یان بڕوایان بە پێشبینییەکی لەو چەشنە هەبوو بێت. .

چەند ڕۆژێك پێش شەڕ هەواڵی ونبوونی خەزرەجی لە دانیمارك ڕاگەیاندرا و کتوپڕیش پاش چەند ڕۆژێکی تر هەواڵی گەیشتنی بە کوردستانی ئێراق گوێی هەڵەبجەی سم کرد. بۆئەوەی هیچ خۆشخەیاڵییەکیش لای کەس دروست نەبێت دەڵێین : خەزرەجی لە لایەن ڕۆحی قوربانیانی هەڵەبجە و داکۆکیکارانییەوە نەفڕێنراوە، بەڵکو هەر ئێستا میوانێکی ئازیزی دیموکراتخوازان و سوسیال دیموکراتەکان و ئیسلامی ئسوڵی توندڕەوە و هیچ دووریش نییە هەر بۆ یادکردنەوەی یادگارییەکانی پێیەکیش بەسەر جەستەی زامداری هەڵەبجەدا بنێت و لەگەڵ نۆشکردنی پێکی شادمانیدا، سەربەرزی و جەسووری ڕۆژانی ڕابردوو بزەی سەرفرازی و شۆڕشگێڕی بهێننە سەر لێوەکانی. . . .

چۆلەکاکانی هەواڵ دەڵێن : دەستێکی نورانی خەزرەجی لە دانیمارکەوە بەرەو کوردستان بردەوە و هەر ئێستا ئەو زاتە ـ خەزرەجی ـ یەکێکە لە پاڵێوراوەکانی دامەزرێنەری حکومەتە ئینتقالییەکەی ئێراقی ئایندە. . . ئەو ئێراقەی تێیدا هێزە کوردستانییەکان لە کۆنە (( ئاش )) ەکان ئێراقیترن و خەزرەجیش تێیدا لە شەهیدان شەهیدتر و لە قوربانیان قوربانیترە و هەر لەبەرئەوەیش شایستەی ئەوەیەبێتە سەرۆکێکی باڵابەرز. . . . .

لەم هاوکێشە نوێیەوە : دەشێت هەڵەبجە بکرێت بە قوربانی کارەساتێکی سروشتی و تاوانبارەکەیشی بە سارێژکاری زامەکانی. . . ئەوەی دەمێنێتەوە داکۆکیکارانی هەڵەبجە و قوربانییەکانییەتی. . جا ئەگەرچی کاتێکی ئەوتۆ نەماوەتەوە، بەڵام وەك هەوڵێکی بە سزاگەیاندنی خەزرەجی بێجگە لە چەند ئەگەرێکی لاواز چیدی لەبەردەمیاندا نەماوەتەوە، یان ئەوەی لە هەولێر داوایەکی لەسەر تۆمار بکرێت و وەك ئەندامێکی دامەزرێنەر و ڕابەر و هەڵسوڕاوی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان تاوانباری بکەن، یان لە سلێمانی وەك ئەندامێکی ڕابەر و هەڵسوڕاوی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێراق داوای

سزادانی بکەن. . . . . بەداخەوە بێجگە لەم دوو ئەگەرەیش تەنیا یەك هەڵوێستی تر دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە واز لەو مەسەلەیە و قوربانییەکانی بهێنن، چونکە رەنگە لە داهاتوودا و لە حکومەتی داهاتووی ئێراقی ئاییندەدا وەك گێرەشێوێن و بە لەکەدارکردنی رابردووی شۆڕشگێڕێکی ئێراقی ئاییندە و هاوچەرخ تاوانباربکرێن و. . . . ئەو کاتەیش رەنگە کەسێك نەبێت بوێرێت زاری داکۆکیکردنیان بۆ ئاوەڵا بکات. . . . .

کێ دەڵێت ئازارەکانی ئازاری ١٩٨٨ و ئازاری ٢٠٠٣، ئازاری قورستر و خەستر بەدوای خۆیدا ناهێنێت. . . . ؟

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

کوردستان نێت www.kurdistannet.org